گەرمیان.. لە رووداوێکی هاتوچۆدا کەسێک گیانی لەدەستدا

بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی گەرمیان رایگەیاند، لەسەر ڕێگای کۆلار- ناحیەی باوەنور نزیک گوندی تازەدێ، ئۆتۆمبێلێک وەرگەڕا و بەهۆیەوە سەرنشینێکی گیانی لەدەستدا.

ئەمڕۆ شەممە ، هاتووچۆی گەرمیان بڕیاریدا، لەنزیک گوندی تازەدێ ئۆتۆمبێلێکی جۆری تۆیۆتا کرۆلا کە بۆ ئاستی ناحیەی باوەنور دەگەیشت، کۆنترۆڵی لەدەستدا و وەرگەڕا.

وتیشی، بەهۆی ئەو رووداوەوە شۆفێرێکی بریندار بوو و سەرنشینێکی گیانلەدەستداوە.

دەشڵێت، شۆفێرەکە تەمەنی ٤١ ساڵ و تەمەنی سەرنشینەکەش ٦٠ ساڵ.

باسی لەوەکرد، بریندارەکە بەمبەستی وەرگرتنی چارەسەر گەیەنرایە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و تەرمەکەش ڕەوانەی پزیشکی دادی کۆلار کرا و تیمی هاتووچۆ لێکۆڵینەوەیان لە رووداوەکە دەستپێکردووە.